www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9:39 2006-10-21

# گەنج بوون لە دیوی بزری حەب خواردن دا... رزگار کۆچەر

Rzgar_kochar@hotmail. com

ئیدمان بون و خووگرتن بە مادە بی هۆشکەرەکان شتێکی تازە نیە کە گەنجانی کورد رووی تێدەکەن بۆ خافل بوون لە هۆش چوون و وون بوون لە نێو ئەندێشە سەختەکانی رۆژگار، دیارە بۆ پۆلێن کردن و باس کرن لە جۆرەجیاکانی ئەو مادانە دەبێت پشت بە زۆرتریین سەرچاوەی ورد ببەستین، بەو پێییەی لێکۆلینەوەیەکی زانستی نیە لە کوردستان دەربارەی ئەو کەسانەی مادە بی هۆشکەرەکان بەکار دەهێنن بەڵام هەندێك سەرچاوەی نا رسمی باس لە زیدەبوونی ئەو دیاردە ترسناکە دەکەن لە نیو گەنجان..

ئەوەی لێرە دەمەوێت باسی بکەم خۆی لە دیاردەیەکی ترسناك دەبینێتەوە کە ئێستا رێژەیەکی زۆری گەنجان روویان تێکردوە بەتایبەتی هەندێك لە گەنجانی رۆشەنبیرو هونەرمەند تانەت هەندیك ئافرەتیش، حەب خورادن یان روون تر بلێن ئەو حەبانەی کە مادەی سرکەریان تێدایە، بۆتە رێگا چارەیەك بۆ خافل بوون و بی ئاگابونێکی کاتی لە ژیانی رۆژانە..

دیارە ئەوانەی ئەم جۆرە حەبانە بەکار دەهێنن چەند هۆکارێکی کۆمەلایەتی و ئابوری دەبنە پاڵنەر بۆ خوو گرتن بەم جۆرە دەرمانانە کە چەند جۆرێکیان لە زۆربەی نەخۆشخانەکان بە شێوەیەکی ئاسای دەبینرێت و هەندێکیان وەك چارەسەر بۆ نەخۆشیەکانی کۆکەی منداڵان وحەساسیە بەکار دێن.

سۆمەدرن و ئارتین و فالیۆم و سەلیب و سیمۆو و ترامادۆل و میگادۆل و کۆدۆن و... زۆری تر هەمووی ئەو حەب ودەرمانانەن کە لە نەخۆشخانەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا دەفرۆشێت وئێستا هەندێك لە گەنجانی هەولێر خوویان پی گرتوە بەتایبەتی گەنجانی گەرەکەکانی تەیراوە و سەیداوە و کوردستان و نەورۆز و 92و باداوە...

بۆیە ئەگەر بێت ومرۆڤ بە وردی سەیری باری گوزەرانی خانەوادەی ئەم گەنجە توش بووانە بکات کەهەندێکیان گەنجی ناسراوی شارن ئەوا دەبینێت لە نێو خیزانێکی هەژار و کەم دەرامەت ژیان دەگوزەرێنن باری قورسی خانەوادەکەیان بۆتە هۆکاری سەرەکی خو گرتن بەم دیاردە دزێوە کە هەندێکان ئیدامانیان گرتوە لەسەر بەکار هێنانی و بونەتە باری قورس لەسەر خۆیان و خانەوادەکانیان...

وەك دەرکەوتوە هەندێك لەوانەی حەب دەخۆن زۆر جار خۆیان لەگەل نەشئەبوون ئازاری جەستەی خۆیان دەدەن تەنانەت هەندێکان بە جگەرە یان بە موس یان بە شوشە جەستەیان زامدار دەکەن و خۆیان خافل دەکەن و دەکەونە نێو جیهانێك پرلە خیاڵ و حەسرت و ئاخ هەڵکشان...

ئەوانەی حەب دەخۆن زۆر جار باس لە نەشئەیەکی تایبەت دەکەن کە ئەم جۆرە حەبانە هەێتی تەنانەت هەندێکان بۆ زیاتر بی هۆش بوون روو لە بە کۆکتێل کردنی جۆری دەرمانەکان دەکەن بۆ نموونە پێنج دانە لە حەبی فالیۆم 10 + سۆمدرینێك کە بەشێوەیەکی زانستی وردو خاشی دەکەن دوایش لە نێو کەپسولێك کۆی دەکەنەوەئینجا دەی خۆن نەشئەو خەیاڵ بوونی لە دوازدە کاتژمێر کەمتر نابێت ئەگەر چایەکی شیرن و سەندەویجێکی چەورو لە دوای بخورێت ئەوابۆ ماوەیەکی زیاتر مرۆڤی ئیدمان بوو خەیاڵ دەبێت و بی ئاگا دەبێت...

دیارە وەك باس دەکەن جیاوازیەکی زۆر لە نێوان خواردنەوەی مادە کهولیەکان و ئەم جۆرە حەبانە هەیە تانەت هەندێك لەم گەنجانە خواردنی ئەو حەبانەی بۆ ئەوە دەگەرێنتێەوە کە ئەم حەبانە لە مەشروب هەرزانترن و لە کاتی خواردەوەش بۆنیان نیە و بێجگە لە وەش مەسروفی هەرزانترە و خەیال بوون و بی ئاگا بونیش ماوەکەی زیاترە...

ئەو گەنجانەی ئێستا ئەم جۆرە حەبانە بەكار دەهێنن رویان لە مادەیەكی تری بی هۆشكردن بردوە ئەویش جۆرە دەرزیەكە كە لە قۆلی خۆیانی دەدەن بۆ ماوەیەكی ئێكجار زۆر خەیال دەبن ئەوانەی ئەم جۆرە دەرزیە بەكار دەهینن زۆر زووتر تەسیریان لیدەكات و وایان لیدەكات لە جەویكی عاتیفی وەك خۆیان دەلێین خۆش بۆ ماوەیەك بژین !!!!

ئەوانەی بە بەكار هێنانی ئەم جۆرە دەرمانانە بەند دەكرێن و دەگیرێن تەنها پێنج رۆژ زیندان دەكرێن و دوای ئازاد دەكرێن بۆیە لە دوا سەردانم بۆ بەندیخانەی ناوەندی شاری هەولێر (محەتە) بە مەبەستی ئەنجام دانی راپۆرتێك بۆم دەركەوت هەموو ئەوانەی لەسەر بەكار هێنانی ئەم جۆرە حەبانە بەند دەكرێن هیجیان لە سی جار و چوار جار كەمتەر نەبونەتە میوانی ژورەكانی بەندیخانە...

تێبینی / كۆمەلێك چاوپێكەوتن و دیدارم لە گەل ئەو گەنجە حەب خۆرانە ئەنجام داوە كە لە نێو بەندیخانەن و هەندێكیشیان لە دەرەوەی بەندیخانەن لە كاتێكی نزیكدا گەر دەرفەتم بۆ برخسێت ئەو لە سایتەكانی ئەنترنێت و لاپەرەكانی رۆژنامەی میدیا بەرچاوتان دەكەوێت...